# ژیانی میر بەدرخان لە دوای روخانی میرنشینی بۆتان

پ. ی. د. عوسمان عەلی
کۆلێژی ئاداب– زانکۆی صلاح الدین - هەرێمی کوردستان/ عیراق
بژار عوسمان ئەحمەد
زانکۆی کۆیە - هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

لە مێژووی جەزیرە و میرنشینی بۆتاندا میر بەدرخان دوایین میری میرنشینەکەیە کە خاوەنی پێگەیەکی گرنگی نێو میرنشینەکەیەتی وە لەلایەن توێژەرانی کوردیشەوە زۆر گرنگی پێدەدرێت. لەناو دەوڵەتی عوسمانی و لە ژیانی میرایەتی دا چەند پلەیەکی وە کو میر و میری میران هەبووە. لەگەڵ ئەمەش دا چاکسازییەکانی میر بەدرخان لە سیاسەتی دەرەوە و ناوەخۆیدا جێگای سەرنجی گەریدە و مسیۆنێرە رۆژئاوایەیکان بووە، هەندێکیان هەبوونی ئەم هێز و بەرقرای ئاسایش وڵاتەکەی بە مەترسی بۆ بەرژەوەندی رۆژئاوا زانیوە. بەتایبەتیش،، ئەم کارانەی ئەو وایکرد مسیۆنێرە بەریتانی و ئەمریکییەکان هەوڵی ڕوخاندنی میرنشیی بۆتان و میر بەدرخان بدەن. لەگەڵ ئەمەشدا میر ەبدرخان ەلدوای ڕوخانی میرنشینەکەی و لەسەردەمی نەفیکرنیشیدا رۆڵی هەبووە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بەخۆی بووە، بەڵام زۆربەی توێژەر و نوسەرانی کورد و تورک گرنگیان بەم لایەنەی ژیانی میر بەدرخان نەداوە و نەزانراوە ژیانی ئەم چۆن بووە لەدوای ڕوخانی میرنشینەکەی. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەکاندا تیشك دەخەینە سەر ژیانی میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشینی بۆتان، بۆئەمەش ئەم لێکۆڵینەوەیەمان دابەش کردوە بۆ سەر سێ تەوەرەی سەرەکی و پێشەکییەك، کە لە هەر تەوەرەیەکیش چەند باسێك لەخۆی دەگرێت، کە بەگشتی لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە ژیان و کەسایەتی میر بەدرخان و سایەتی دەرەکی و ناوەخۆیی لە میرنشینەکەیدا کردوە، هەروەها لەتەوەرەی دووەمدا باس لە ڕوخانی میرنشینی بۆتان و هەوڵی مسیۆنێرەکان کراوە، هەروەها لە کۆتا تەورەشدا باس لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی میر بەدرخان و ژیانی هەمەلایەنەی ئەو کراوە لەدوای ڕوخانی میرنشینەکەی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *میر بەدرخان، بۆتان، میرنشین، گەریدە، دەوڵەتی عوسمانی.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پێشەکی:

میر بەدرخان دوایین میری میرنشیی بۆتان و بەهێزترین میری ئەم میرنشینەیە، لەماوەی حوکمرانییدا زۆر هەوڵیداوە بۆ بەهێزکردنی میرنشینەکەی، بەتایبەتیش رەنگدانەوەی چاکسازی و دادوەرییەکەی لە پێکەوە ژیانی ئاین و نەتەوە جیاوازەکان دەبنیرێت، کە ئەوکاتە ئەرمەن و کورد و سریانی وە موسڵمان و مەسیحی جولەکە بە ئاشتی و بەبێ کێشە لەناوچەکانی ژێر دەسلاتی دا ژیاون. بەڵام لەگەل ئەمانەش دا وڵاتانی ئەوروپی هەوڵی لەناوبردنی ئەم میرنشینە بەهێز و داپەروەریەیان لەناوچەکەدا داوە، چونکە هەبوونی میرنشینێکی بەهێزی وەکو بۆتان مانای هەبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەهێز دەگەیاند، هەرئەمەش وایکرد نا تێگەیشتنێك لەنێوان سریانییەکانی ناوچەکە و میر بەدرخان دروست ببێ، کە ئەمەش بەریتانییەکان رۆلی زۆریان تێدا بینی، چونکە کاتێ سریانییەکان هەڵگەرانەوە لەدژی دەسەڵاتی میر بەدرخان، ئەوا میر بەدرخان بە سوپایەکەوە روبەروی سریانەکان بویەوە و هەڵگەرانەوەکەی ئەوانی کۆنترۆل کرد. هەر لەبەر ئەمەش وڵاتانی ئەوروپی ئاگاداری دەوڵەتی عوسمانیان کردەوە کە ئەگەر بێت و میری بۆتان (بەدرخان پاشا) هەر ئەوها بە بەهێزی بمێنێتەوە، ئەوا هەموو بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر لەبەر ئەوەش هاوکاری دەوڵەتی عوسمانیان کرد لە روخاندنی میرنشینی بۆتان و نەفیکردنی میر بەدرخان بۆ دورگەی کریت. بەگشتی نوسەرە کورد و تورکەکان گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ژیانی میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشینی بۆتان نەداوە، تەنانەت ئاماژە بەهیچ لایەنی ژیانی ناکرێت و تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەلێن رۆڵی گرنگی بینیوە لەسەرکوتکردنی هەڵگەرانەوەی مەسیحیەیکان لە دورگەی کریت، کە ئەمەش لە روانگەی بەڵگەنامەکانەوە دەردەکوێ هەڵگەرانەوەیەك لە ئارادا بووە، بەلام میر بەدرخان توانیویەتی ئەم هەڵگەرانەوەیە کپ بکاتەوە!ئەمەش دەرخەرەی ئەو راستییەیە کە میر بەدرخان سەرەڕای ئەوە دورخرایەوە لە میرنشینەکەی، بەڵام هەر پەیوەندی لەگەل دەوڵەتی عوسمانیدا مابوو، چونکە لە دورگەی کریت دا کاتێك هەندێ لەگروپە مەسیحییەکان هەوڵی دروستکردنی هەڵگەرانەوەیەك دەدەن لە دورگەی کریت، ئەو میر بەدرخان هەڵدەستی بە کپ کردنەوەی ئەوان لە کارەکەیاندا. هەر لەبەر ئەم کارەشدا سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان عەبدولعەزیز) هەڵدەستێ بە پێدانی پایەی (میری میران) بەسەرجەم ماف و دەستکەوتەکانی ئەم پایەوە.(١) لەم توێژینەویەماندا پشت بەچەند میتۆدێکی زانستی دەبەستین، لەپێش هەمویان میتۆدی مێژوویی و خستنەڕو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامە عوسمانییەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم لەبارەی ژیانی میر بەدرخان لەدوای میرنشینی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆتانەوە، هەروەها پشت دەبەستین بە بەكارهێنانی سەرچاوە زانستییەكانیتری وەكو لێكۆڵینەوە زانستییەكان و تێزە ئەكادیمییەكان و كتێبەكان كە باس لە ژیانی میر بەدرخان دەكەن، لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەش كە لەمبارەوە نوسراون (وەدیع جوەید، جوڵانەوەی نەتەوەیی و بنەما و پەرەسەندنی، ئارشاك سافراستیان، كورد و كوردستان، یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەكان مألباتێكی خەباتكار) نمونەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن، هاوكات چەندین سەرچاوەیتریش كە لەلیستی سەرچاوەكاندا ریزبەند كراون.

لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەش لەم توێینەوەیەدا پێی گەیشتین بریتین لە: گەورەترین هۆكاری ڕوخانی میرنشینی بۆتان و شكستی دەسەڵاتی میر بەدرخان دەگەڕێتەوە بۆ خیانەتی یەزدان شێری برازای كە لە مەیدانی شەڕدا ریزی سوپای میر بەدرخانی جێهێشت و چووە پاڵ سوپای عوسمانییەكان. هەروەها لەگەل ئەمانەشدا سوڵتان هەمیشە رێزی لە میر بەدرخان گرتوە و گرنگی پێداوە، تەنانەت لەدوای ڕوخانی میرنشینەكەشیدا، دەبینین پایەی (میری میران) بە میر بەردخان دەدات. هەروەها میر بەدرخان تاكو كۆچی دوایشی هەمیشە پەیوەندیەیكی باشی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و كاربەدەستانی ئەم دەوڵەتە هەبووە و هەمیشە رێزیان لێگرتووە. تەنانەت لەدوای روخانی میرنشینەكەی هەوڵینەداوە كیشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی پەیدا بكات، بەڵكو لە هەوڵدان بووە بۆ نەهێتنی هیچ هەڵگەرانەوەیەك لەدژی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەكو هەڵگەرانەوەی مەسیحییەكانی دورگەی كریت رۆڵی بەرچاوەی هەبوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

## تەرووەی یەکەم

# ژیان و کەسایەتی میر بەدرخان و سیاسەتی دەرەکی و ناوەخۆیی لە میرنشینەکەیدا

## یەکەم/ ژیان و کەسایەتی میر بەدرخان

میر بەدرخان لە بنەماڵەی عەزیزانە، ناوی بەدرخانە کوری عەبدال خان کوری مستەفا کوری ئیسماعیل خان کوری مەنسور خانە، لەساڵی ١٨٠٢/١٨٠٣ لە جەزیرەی بۆتان لەدایکبووە و لەساڵی ١٨٢١ بووە بە میری میرنشینی بۆتان. [٢] بنەماڵە عەزیزان نزیکەی ٥٠٠ ساڵ حوکمڕانی ناوچەکە و میرنشینی بۆتان بوون، کە میربەدرخانیش دوایین میری ئەم میرنشینە و ئەم بنەماڵەیە بوو، ئەم میرنشیە لەناوچەکانی جەزیەری بۆتان و دەوروبەری روباری دیجلە بوو، [٣] دامەزرێنەری میرنشینی بۆتان عومەری کوری عەبدولعەزیزی کوری قام ە، کە هەندێ ریوایەت پێیان وایە ئەم کەسە نەوەی فەرماندەی موسلمانان خالیدی کوڕی وەلید بووە، [٤] بەڵام هەندێ ریوایەتیتر پێیاو وایە کە رەچەلەکی بنەماڵی بەدرخان دەگەرێتەوە بۆ گوندی (ئاوێران)ی جەزیرەی بۆتان. لەگەڵ ئەمەش دا ڤلادمیر مینۆرسکی پێی وایە کە ئەم بنەماڵەیە لە ئەسڵدا ئێزیدی بوونە و لەدواتردا بونە موسڵمان. سنوری جوگرافیای میرنشینی بۆتان بەمشێوەیەی خوارەوە بوو: لە باشوردا هاوسنور بوو لەگەڵ ویلایەتی موسڵ، و لە باکوریدا هاوسنور بووە لەگەڵ سنوری ویلایەتەکانی وان و دیاربەکر. بەگشتی سنورەکەی بریتی بوو لەو سنورەی کە لەمرۆدا بریتیە لە سنوری هەرێمی جەزیرە لە وڵاتی تورکیا دا. [٥]

میر بەدرخان چەندین کاری ئەنجامداوە بۆ بەهێزکردنی میرنشینەکەی، بەتایەبتی پاراستن و ڕاگرتنی دادپەروەری و ئاسایشی میرنشینەکەی زۆر گرنگی پێداوە. لە هەمان کاتیش دا کەسێکی زۆر ديندار بووە و لەسەرجەم کارەکانیدا هەمیشە ڕاوێژی بە زانیانی ئاینی کردووە، [٦] لەمبارەوەش دوان لە میوانەکانی کە مسیۆنێریك بووە بەناوی مستەر رایت و مستەر بریت کە بۆ ماوەی دوو مانگ میوانی میر بەدرخان بوونە، دەڵێن "میر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

بەدرخان کەسێکی زۆر دیندار بوو، وە زۆربەی کاتەکانی بە تەقوا و خواپەرستی بەسەر دەبرد". تەنانەت میر بەدرخان بەهۆی لایەنە ئاینییەکەیەوە زۆر گرنگی بە شێخ و مەلا داوە، هەروەك دەبینرێ کە ڕۆڵی زانیانی ئاینی لەم کاتەدا زیاتر بووە لە میرنشینەکەیدا. تەنانەت هێنری لایارد لە ساڵی ١٨٤٣ کە سەردانی پایتەختی میرنشینی بۆتان (شاری جەزیرە) دەکات، لەمبارەوە دەڵێت "بەڕاستی مەلاکان لەم دەوڵەتەدا زۆر گرنگیان پێدراوە"، تەنانەت لە ڕوانگەی لایاردەوە، مەلاکان هۆکاری شەڕی نێوان سریانی و میر بەدرخان بوون، بەتایبەتی مەلا شێخ زاهیر کە زۆر لە میر بەدرخانەوە نزیك بوو وە کاریگەری زۆری لەسەر هەبوو، (٧) لە لایەکیتریش دا پەیوەندیەیکی باش و ڕێزدارانە لەنێوان والی بەغدا و میر بەدرخان هەبوو، کە لەمبارەوە (ڤ. دیتل) دەڵێت "بەچاوانی خۆم بینیم کە والی بەغدا دیاری بۆ میر بەدرخان نارد". لەگەڵ ئەمەش دا میر بەردخانیش هەمان ڕێز و هەڵوێستی بەرامبەر والی بەغدا هەبوو، تەنانەت والی بەغدا کاتێك لەگەڵ هەندێ هۆزی عەرەبی کێشەی هەبوو، داوای هاوکاری لە میر بەدرخان کرد، وە میر بەدرخانیش بەدەم ئەم هاوکاری و داوایەی والی بەغداوە چوو. (٨)

## دووەم/ سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکی میر بەدرخان

### أ / سیاسەتی دەرەکی:

لەسیاسەتی دەرەکیدا میر بەدرخان کەسێکی زیرەك و سەرکەوتوو بوو. پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سوڵتانەکانی عوسمانیدا هەبوو. کاتێك سوپایەکەی ئیبراهیم پاشی کوری مەحەمەد عەلی پاشای میسر دێتە شام و شەڕ لەگەڵ سوپای عوسمانی دەکرد، ئەوا میر بەدرخان هەڵدەستێ بەهاوکاری سوپای عوسمانییەکان و شەڕ لەدژی ئیبراهیم پاشا دەکات. لەگەڵ ئەمەش دا ئەگەر میوانێك لەدەرەوە بهاتایە بۆ میرنشینەکەی و لەپێشتردا بچوبایە لای سوڵتان، ئەوا زۆر گرنگی پێ نەدەدا، بەڵام ئەگەر سەرەتا بچوبایە لای ئەو و ئینجا لای سوڵتان، ئەوا زۆر زۆر گرنگی پێدەدا. هەروەکو کلۆدیۆس جیمیش ریچ لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەم تایبەتمەندییەی میر بەدرخان دەکات، بەتایبەتی کاتێك پێش سەردانیکردنی میر بەدرخان، ئەوا سەردانی سوڵتانی عوسمانی دەکات و دواتر دەچێتە سەردانی میر بەدرخان پاشا لەگەل نامەیەکی سولتانەوە، بەڵام میر بەدرخان لەم کارەی توره دەبێ و وەکو پێویست گرنگی پێ نادات. (٩) لەلایەکیترەوە میر بەدرخان ڕێز و پابەندی خۆی نیشانی سوڵتانەکانی عوسمانی داوە، بۆ نمونە: لە ساڵی ١٨٤٦ بە مسیۆنێرێکی ئەمریکی دەڵێت "من تا ئێستاش ڕێز لە سوڵتان دەگرم و لەو قسەیەشم پەشیمان نابمەوە". (١٠)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە میر بەدرخان خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی خۆی بووە و هەمیشە ڕێزی لەبەرامبەرەکەی گرتوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەروەری خۆی و پێگەی میرنشینەکەی بە کەمتر لە پایەی سوڵتانی عوسمانی نەراینوە. تەنانەت کاریگەری لایەنی ئاینیشی بەسەرەوە هەبوە و هەمیشە هاوسۆز و هاو ئاینی هۆکارێك بووە کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا.

### ب / سیاسەتی ناوەخۆ

میر بەدرخان هەوڵیدەدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەهێز دروست بکات، بۆ سەرکەوتنی ئەم ئامانجەشی هەوڵیدا لەگەڵ حوکمران و سەرۆك هۆزەکانی دەوروبەری میرنشینەکەی ڕێکەوتن بکات. وە هەووڵی تەواوی دا بۆ بەهێزکردنی میرنشینەکەی لەناوەخۆیدا. هەروەکو دەبینین لەلایەنی زانستیدا چەندین فێرخوازی کوردی نارده ئەوروپا بۆ خوێندن، تاکو ئەزموونی نوێ لە ئەوروپاوە بهێننەوە بۆ میرنشینەکەی. هەروەها کارگەی دروستکردنی چەکی دامەزراند، وە پارە (سکە)ی بەناوی خۆیەوە دەرکرد. کە ئەمەش وایکرد تەواو بەهێز ببێت، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك لەناو میرنشینەکەیدا دزی بکردایە، ئەوا دەستی ڕاستی دەبڕیەوە. تەنانەت گەریدەی بەریتانی (کەی دینتێل) لەبارەی ئاسایش لە میرنشینی بۆتان و حوکمرانی میر بەدرخانەوە دەڵێت "هەر لە دیارەبکرەوە تاکو موسڵ، هیچ مەترسییەك لەسەر ڕێگادا نییە". هەربۆیە دەبینین هەموو خەڵکی ناوچەکە دەیویست لەژێر سایەی حوکمڕانی میر بەدرخاندا بژیت، تەنانەت گەریدەی بەریتانی (کەی دینتێل) لە شوێنەکیتردا دەڵێت "لەم شوێنانەدا چەندین گرووپم لەخەڵکی جۆراوجۆر دەبینی کە کۆچیان دەکرد بۆ ژیان کردن لە ژێر حوکمڕانی میر بەدرخان". لەگەڵ ئەمەش دا میر بەدرخان بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی خەڵك و بۆ ژیانکردنیان لەناو میرنشینەکەیدا مەرجی هەبوو کە دەبوو: ١- ئەو کەسە خاوەنی چەکی خۆی بێت. ٢- ئەو کەسە دەبوو سەربازێك چاك بێ و بەشداربێت لە سوپای میر بەدرخاندا.[١١] لەگەڵ ئەمەش دا ئەو کەسانەی دەهاتنە نێو سنوری جوگرافیای میرنشینی بۆتاندا، ئەوا میر بەدرخان زەوی پێدەدان بۆ کشت و کاڵ کردن و لەبەرامبەریش دا باج و خەراجیان دەدا بە میرنشینی بۆتان.[١٢]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ج / چاكسازییەكانی میر بەردخان لە میرنشینەكەیدا

میر بەدرخان لەماوەی حوكمڕانیدا، بەتایبەتی لەساڵەكانی ١٨٣٧-١٨٤٧ چەندین چاكسازی ئەنجامدا، كە بوونە هۆی بەهێزكردنی میرنشینەكەی، لەوانە:

١. چەندین چاكسازی لەناو سیستەمی ئیدارییدا ئەنجامدا و سوپایەكەی خۆی بەهێزتركرد، هەروەها هەلسا بە نوژەنكردنەوەی شورە و قەڵا و منارەكانی ناو میرنشینەكەی.

٢. هەڵسا بە واژوكردنی (پەیمانی پیرۆز) لەنێوان سەرۆك هۆز و میرەكاندا لەساڵی ١٨٤٦.

٣. ئاسایش و ئەمنییەتی میرنشینەكەی بەهێزتركرد.

٤. هاوكاری خەڵكی هەژاران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەكانی كرد.[١٣]

٥. پەیوەندیەیكی باشی لەنێوان گروپە كەمە نەتەوە و ئاینەكانی ناو یرنشینەكەی دروستكرد، وەكو مەسیحی و جولەكە و موسڵمان، هەروەها نەتەوە و كەمە نەتەوەكانی وەكو كورد و ئەرمەن و سریانی.[١٤]

٦. هەروەها هەڵسا بەدروستكردنی پارەی تایەبت بە میرنشینەكەی، كە ئەم پارەیە لە ڕوێكیدا نووسرابوو (میری بۆتان– بەدرخان پاشا)، وە لە ڕووەكەیتریدا (١٢٥٨ هیجری- كۆچی) نوسرابوو.

٧. هەڵسا بە دروستكردنی گاركەی چەك و تەقەمەنی.

٨. لە هەڵسوكەوتی دەرەكی و ناوخۆییدا وەكو دەوڵەتێك هەلسوكەوتی دەكرد، تەنانەت میرنشینەكەی خاوەنی ئالایەكی تایبەت بەخۆی بوو.[١٥]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

## تەوەرەی دووەم

# ڕوخانی میرنشینی بۆتان و هەوڵی مسیۆنێرەکان

### یەکەم/ هەوڵی مسیۆنێرەکان بۆ ڕوخانی میرنشینی بۆتان

لەم سەردەمەدا، هەمیشە دەوڵەتە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا هەڵدەستان بەبناردنی مسیۆنێرەکانیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، کە ئامانجی هەندێ لەم مسیۆنێرانە ئامانجێکی ئاینی و تەندێکیشیان سیاسی و هەندێکیشیان بە مەبەستی جاسوسی دەهاتنە ناوەچکەوە. بۆ ئەمەش ئەم مسیۆنێرانەی دەهاتنە ناوچەکانی میرنشینی بۆتان، هەلسان بە بەکارهێنانی سریانییەکان بۆ روخاندنی میرنشینی بۆتان، بەتایبەتی کاتێ بۆ یەکەمجار کێشە لەنێوان میر بەدرخان و سریانییەکان دروست بوو، والی موسل (مەحەمەد بایراقدار) بەمەبەستی روخاندنی میرنشینە کوردییەکان هاتە ناوچەکەوە، لەوکاتەدا میر بەدرخان داوای هاوکاری لە قەشە مار شەمعون گەورەی سریانیەیکان کرد، بەڵام مارشەمعون یارمەتی میر بەدرخانی نەدا، ئەمەش بەهۆی پلانی مسیۆنێرە بەرتانییەکانەوە بوو. ئەمەش بووە هۆکاری سەرەتای دروستبوونی کێشەی نێ،ان سریانیەیکان و میر بەدرخان. هەربۆی لە ساڵانی ١٨٤١-١٨٤٣ چەندین کێشە و شەڕ لەنێوان سریانی و کوردەکان دروست بوو، بەتایبەتی لە دواترینیان دا، میر بەدرخان بە هێزێکی زۆرەوە توانی بەسەر سریانییەکاندا سەر بکەوێ و میرنشینەکەی بەتەواوی بخاتەوە ژێردەستی خۆی.[١٦] لەم کاتەدا قەشە مارشەمعون ڕایکردە موسڵ، لەدوای شەڕەکەش دا دەوڵەتی عوسمانی باڵوێزەکی خۆی دەنێرێت بۆ میرنشینی بۆتان کە هەموو گیراوەکانی شەڕ (ئەسیر) لە میر بەدرخان داواکرد و میر بەدرخانیش هەموو ئەسیرە سریانییەکانی پێدان.[١٧]

ئەوەی لێرەدا دەبینین سریانییەکان لەلایەن مسیۆنێرەکانەوە بکارهێنراون و وای لێهاتووە توشی کوژران و لەناو بردن ببن بەدەستی میر بەدرخانەوە، لەگەل ئەمشە دا سریانییەکان هاوکاری یر بەردرخا ننەبوونە و وەفادار نەبوون بۆ ئەو هەموو ساڵە ژیانکردنیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانەی میر بەدرخان، بەڵکو بوونە هۆکار بۆ لەناوبردنی میر بەردخان و میرنشینەکەی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## دووەم/ ڕوخانی میرنشینی بۆتان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە

کاتێك میر بەدرخان کەوتە شەڕکردنەوە لەگەڵ سریانییەکان، ئەوا ئەم بابەتە بووە بابەتی ڕۆژانە و گفتوگۆی سەرەکی وڵاتە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا، هەربۆیە هەلسان بە ئاگادارکردنەی دەوڵەتی عوسمانی بەوە کە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەن، ئەوا هەموو بەرژەوەندی و دەستکەوتە ئابورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپا دا دەکەوێتە مەترسییەوە. بەمەش دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٤٧ لەژێر فەرماندەیی عوسمان پاشا بە شەست هەزار سەربازەوە لە سێ قۆڵەوە (باکور – باشور – ڕۆژئاوا) هێرشیان کردە سەر میرنشینی بۆتان.[١٨] تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی لە بەرەی وانەوە هێرشێکی دەستپێکرد و هەموو سەرچاوەکانی هاوکاری میرنشینی بۆتانی بڕی.[١٩] هەروەها لە بەرەی باشوردا بەژمارەیەکی زۆری سەربازی عوسانی هومایۆنی بەشداریی ئەم هەڵمەتەیان کرد.[٢٠] هەروەها بەریتانیان هاوکاری سەربازی دەوڵەتی عوسمانی کرد لەم هەڵمەتەدا.[٢١] بەمەش لە کاتی شەڕدا برازای میر بەدرخان و فەرماندەی گەورەی هێزەکەی میر بەدرخان (یەزدان شێر) بەخۆی و ژمارەیەکی زۆری سەربازەوە لە سوپای میر بەردخان هەڵگەڕانەوە و چوونە پاڵ سوپای عوسمانی. کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆشایی لە باڵی چەپی سوپاکەی میر بەدرخانەوە دروست ببێ، لەدوای ئەوەی یەزدان شێر بە چەندین بەڵێنی ناراست هەلخەڵەتێنرابوو، هەروەکو بەڵێنی ئەوەی پێدرابوو بکرێتە میری میرنشینی بادینان، هەر ئەم کشانەوەیەشی لە ریزی سوپای میر بەدرخان بووە هۆکاری ئەوەی سوپای میر بەردخان لاواز ببێت و سوپای میر بەدرخان کە ژمارەیان پێنج تاکو شەش هەزار سەرباز دەبوو، ڕوو لە قەلای ئاروخ بکەن.[٢٢] بەمەش لەدوای مانگێك لە ئابلۆقەی ئەم قەلایە و کەمبونەوەی چەك و تفاق و خۆراك و زیادبوونی نەخۆشی لەناو قەلاکەدا میر بەردخانی ناچار بە تەسلیم بوون کرد. لەکاتێکدا فەرماندەی سوپای عوسمانی بەڵێنی دا بە میر بەدرخان لەدوای تەسلیم بوونی خۆی و سوپاکەی، بەرێزەوە مامەڵەی لەگەل دەکرێت و دەبردێتە ئەستەنبوڵ و دواتریش خۆی و سوپاکەی ئازاد دەکرێن. بەمەش میر بەدرخان پاشا کاتێك دەگاتە ئەستەبۆڵ، سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی رێزی زۆری لێدەگرێت، تەنانەت بەریتانییەکان لەم رێز لێگرتنەی سوڵتان بۆ میر بەردخان نیگەران دەبن،[٢٣] لەدوای تەسلیم بوونی میر بەدرخانیش، ئەوا دەنێردرێتە دورگەی کریت. وە هەمو ئەو سەربازانەی کە بەشداری ئەم هەڵمەتەیان کردبوو، ئەوا لەلایەن سولتان عەبولعەزیزەوە لەساڵی ١٨٤٧ خەلاتکران کە بریتی بوو لە سێ جۆری مەدالیا کە لە زێرو لە زیو و لە برۆنز دروستکرابوون. کە لەسەر ئەم مەدالیایانەش دا لە روێکی دا وێنەی چیای ئاروخ و لەڕووەکیتریدا توغرای سوڵتان عەبدولعەزیزی پێوەبوو.[٢٤]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# تەوەرەی سێیەم

## ژیانی میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشینی بۆتان

ئەگەرچی سەرچاوە کوردییەکان زۆر بە کەمی باسی ژیانی میر بەدرخانیان کردووە لەدوای ڕوخانی میرنشینی بۆتان، بۆنموونە: دکتور صلاح محمد سلیم هروری لە کتێبی: أمارة بوتان دا تەنها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە بەرواری ٢٩ی ئەیلولی ١٨٤٧ بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١)، میر بەدرخان گواسترایەوە بۆ دورگەی کریت.[٢٥] هەروەها مالیمسانیز لە کتێبی: البدرخانیون في جزيرة بوتان، کە لەساڵی ١٩٩٨ لە بەیروت چاپکراوە و لەلایەن دلاوەر زەنگیشەوە بۆ کوردی وەرگێردراوە. ئەمانە زۆر تەنها بە چەند لاپەرەیەك باسی میر بەدرخانیان کردوە، نەوەك بەروانین لە بەلگەنامەکان و وردکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی ژیانی تایبەتی و نهێنی میر بەدرخان. تەنانەت نوسەرانی وەکو دکتۆر وەدیع جوەید لە کتێبەکەیدا بەناوی جولانەوەی نەتەوەیی و بنەما و پەرەسەندنی، تەنها بە چەند دێریك باسی لە ژیانی میر بەدرخان کردوە و دەلێت"میر بەدرخان رێگەی پێدار خێزانەکەی و ٢٠٠ کەس لە دەست پێوەندەکەی لەگەڵدا بێت وە هەر بەهۆی ئەم دەست پێوەندانەی بوو کە توانی لەساڵی ١٨٥٦ راپەرینی کریتە یۆنانییەکان تێك بشکێنی، لە پاداشتی ئەوەش دا ڕێگەی درا بگەریتەوە ئەستەنبۆڵ و لەوێشەوە رەوانەی دیمەشق کرا، تاکو مردنی لە ساڵی ١٨٦٨ لەو شارەدا نیشتەجێبوو. میر بەدرخان نەوەیەکی زۆری لەدوای خۆیدا بەجێما کە بەشێکیان لە ساڵانی دواییدا بە جولانەوەی نەتەوایەتی کوردیدا پەیوەست بوون".[٢٦] ئەم بۆچوونەش هەمان بۆچوونی شوکرولای بابانە کە لەکتێبەکەیدا (مێژووی کورد و کوردستان) دەڵێت "لەدوای ئەوەی بەدیل گیرا، لەگەڵ کورەکانی بردیانە ئەستەنبۆل، پاش مانگێك لەگەڵ بابی عولیا ئاشتی کرد و لەشەرێکا بەلایەنگیری عوسمانی بەشداری کرد، لەو شەرەدا پاڵەوانی زۆری پیشاندا و ناوناوی میری میرانی پێدرا، پاش بەینێك نێردرایە شام و ماوەی دە ساڵ لەوێ مایەوە".[٢٧] ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکەین، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شۆرشی کریتی تێکشکاندبێ، بەلام بەڵگەنامە عوسمانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

کەوا میر بەدرخان توانی مەسیحییە کریتییەکان پاشگەز بکاتەوە، نەوەك شۆرشەکەیان لەناوببات![28]

هەروەها علاء الدین سجادی لە کتێبی شۆرشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق دا، لەبارەی ژیانی میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشینی بۆتانەوە دەڵێت "لەپاش مانەوە لە ئەستەنبۆڵ، وردە وردە خۆی لە بابی عولیا نزیك خستەوە، شەڕی کرید بەسەرداهات، ئەویش خۆی لەوشەڕەدا بەبشداری کرد و پاڵەوانییەتیەکی باشی نواند و خزمەتی زۆری بە حکومەت کرد. ئەم خزمەتەشی بووە هۆی زیاتر نزیکبونەوەی ئەو لە بابی عولیا، بابی عولیا لەبەر ئەو خزمەتانەی، لەقەبی (میری میران)ی دایە و پاشان چوو بۆ شام، دە ساڵێك لەوێ مایەوە، پاشان لە ساڵی ١٢٨٤ك / ١٨٦٧ز کۆچی دوایی کرد و لە گەڕەکی (صالحیە) نێژرا".[29] لەگەڵ ئەمانەشدا دەبینین، شارشاك سافراستیان تەنها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کەوا میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشینەکەی رەوانەی دورگەی کریت کراوە و دواتریش بەهۆی دەستپێکردنی (شەڕی قرم ١٨٥٤-١٨٥٧)، وە لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی ئازاد کران.[30] لەگەڵ ئەمەش دا، ن. خالفی دەڵێت "میر بەدران لەدوای روخانی میرنشینەکەی نیردرا بۆ (ڤازانا)، وە سەرۆك هۆزەکانی لەگەڵیشی بوون نێردران بۆ دورگەی کریت".[31] لەگەڵ ئەمەش دا ئەوەی بەدی دەکرێت لەبارەی ژیانی میر بەدرخان لەو کاتەدا، نووسەرانی کوردتەنها چەند دێریك زانیاری کەمیان بە ئێمە داوە، کە ئەمەش پێویست دەکات خوێنەرانی کورد زیاتر ئاگادار بکەین لە ژیانی میر ەبدرخان لەم قۆناغەیدا.

هەروەها نووسەرە تورکەکانیش بایەخیان داوە بە ژیانی میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشینی بۆتان، بۆ نموونە: جابر دۆغان لە تێزی دکتۆرەکەیدا کە تایبەتە بە جەزیرە و میری بۆتان (میر بەدرخان)، کە زیاتر لە ١٠٠ لاپەرە لە ژیانی میر بەدرخان لەدوای روخانی میرنشی بۆتان نوسیوە.[32] ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کەوا نوسەر سوودی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی بینیوە بۆ زانیاری نەزانراو لەبارەی ژیانی میر بەدرخانەوەگەیاندووە.

بەڵام بەڵگەنامە عوسمانییەکان وردەکاری تەواومان لەبارەی ژیانی میر بەدرخان لە دوای تەسلیم بوونی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە پێدەدەن، کە ئەوکاتە هەموو ماڵ و سەروەتەکی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە پارێزگاری لێکرا،[33] چونکە میر بەدرخان خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بوو لەلایەن سوڵتان و دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا بەدیار دەکەوێت کە وردبینی و چاودێری ماڵ و سامانی میر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

بەردخان پاشا کراوە و لە بەڵگەنامەکی تایبەت بەم بابەتەدا دەڵێت " بۆ والی کوردستان.. ڕێزدار بەدرخان پاشا کە ماڵ و سامانی ئاشکرا و نادیاری لە ڕاپۆرتێکدا بۆ ئێوە دەنێرین کە تاکو ئێستاکە ئینجا وەرنەگیراوە و تۆمارنەکراوە. ئەمەش بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئێوە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ماڵ و سامانە، لە ئەنجومەنی والادا نوسراوێکی نهێنی نێردراوە کە تیایدا فەرمان بە وردبینی لە ماڵ و سامانی پاشای ناوبراو (بەدرخان پاشا) دەکات، تاکو لەدواتردا لە چۆنیەتی بەکارهێنان و کارکردنیدا بڕیار دەربکرێت. لە ٢ ی صفری ساڵی ١٢٧٤".(٣٤)

تەنانەت میر بەردخان ئەو ماوەیەی لە دورگەی کریتیش بوو، هیچ کات کارێکی نەدەکرد کە دژی دەوڵەتی عوسمانی بێت، بەڵکو بەگشتی کارەکانی لە چوارچێوەی خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی و جیهانی ئیسلامی بوو،(٣٥) کاتێك لە دورگەی کریت دا هەندێ گروپی مەسیحی هەوڵیاندا هەڵگەڕانەوە لەدژی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجام بدەن، بەڵام میر بەردخان و هەندێ لە هاوڕێیانی دەچنە ناو ئەم بابەتەوە و دەتوانن ببنە نێوەندێك لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەو مەسیحیانەی کە دەیانەویست هەڵگەڕانەوە بکەن، بەمەش میر بەدرخان ڕۆڵی هەبوو لە کپکردنەوەی ئەم شۆرشە. هەر لەبەر ئەمەش لەساڵی ١٢٧٤/١٨٥٦ پایەی میری میران بە هەموو دەستکەوت و ئیمتیازاتەکانیەوە لەلایەن سوڵتانەوە بە میر بەردخان دەدرێت.(٣٦)هەروەکو لە بەڵگەنامەکەدا دەڵێت " بیهی(٣٧) (بسم الله). لەم جارەدا پایەی میری میران دەرێت بە بەدرخان پاشا لەپای کارە چاکە خوازییەکانیدا.. لە ساڵێکدا کە پاشای ناوبراو، تۆی لە لایەنی ویلایەت و خەڵکەوە بە چاکەخواز بینی، بەمەش لە بەخشندەیی شاهانەیی سوڵتاندا، وە لە بارەی ئاراستەی خاوەنداری و بەپرسیارەتی شاهانەیی دا کە دەردەکەوێت، کە لەساڵی دوو سەد و حەفتا ی مانگی موحەرەم لە بیست و یەکەمین ڕۆژیدا لە کاتێکی بەهرەمەندانە و دڵخۆشکەرانەدا فەرمانی شاهانەییم بۆ جێبەجێکردنی پێدانی پایەی میری میرانی پێدەدرێت. لە بەروری ناوبراوەوە سودمەند دەبێت لە پایەکانی میری میران، بەهۆی دڵسۆزی و خزمەتکردنی دەوڵەتی باڵای عوسمانی، ئەویش بەهۆی پاکی لە نیەت و ئامانجەکانیدا، کە ئەم پەراوەی بۆ دەردەچێت. لە بەرواری یەکەمی مانگی موحەرمی ٢٧٤".(٣٨) بەمەش دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەستی بە بڕینەوەی موچەیەکی دیاریکراو بۆ میر بەدرخان و خزم و برا و دۆستەکانی. بۆنموونە: میر بەردخان بڕی حەوت هەزار قوروش، وە برایەکەی ساڵح بەگ، دوو سەد قوروشی بۆ بردراوە، بەڵام لەدواتردا ئەمە زیادی کرد و بوو بە چوارسەد قوروش. هەروەها برایەکیتری میر بەدرخان بەناوی ئەسعەد بەگ، بڕی هەشت سەد قوروش تەرخان کرا، وە براکەیتری بەناوی عوسمان، بڕی چوار سەد قوروش دانرا، بەڵام لەدواتردا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

موچەکەی زیادی کرد و بوو بە هەشت سەد قوروش. بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی دەردەکەوێ کە میر بەدرخان هەموو مانگێك موچەکەی خۆی بەتەواوی و بەبێ دواکەوتن وەرگرتووە[٣٩]، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت " بۆ وەزارەتی دارایی پایەبەرز. دەربارەی بەگی نیشتەجێبوو لە کریت دا کە قەواڵەیەك پێشکەشکراوە دەربارەی مووچەی بەدرخان پاشا کە لەبارودۆخێی پێویست دا مووچەی ناوبرا بڕی حەوت هەزار قوروش وەکو موچەیەیەکی دڵنیایی دا کە چواردە هەزار و بیست قوروش وە پایەی میری میران کە بەشێوەیەکی دڵنیایی و زیادکراو کە پێشتریش حەفتا هەزار قوروش ساڵانە دراوە، بەمەش دەردەکەوێت کە دوایی پێدانی پێنج هەزار قوروش لە باجەکەی، ئیستاکە باقی پارەکەی پێدەدرێت. هەروەها ساڵح بەگی برای کە پێشتر دوو سەد قوروشی بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام مووچەکەی زیادکراوە و ئێستاکە چوارسەد قوروش وەردەگرێت. هەروەها برایەکەیتری ئەسعەد بەگ ئەویش دوو سەد قوورشی بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام مووچەکەی زیادکراوە و ئێستاکە هەشت سەد قوروشی پێدەدرێت. ئەمەش زیاتریش دەبێت و هەتا هەزار قوروشیش دەروات هەندێکات. هەروەها براکەیتری عوسمان ئەفەندی مووچەکەی کە چوارسەد قوروش بوو وە زیاد کرا بۆ هەشت سەد قوروش. کە ئەمانەش بەهۆی بریاری ئەنجومەنی بریاردانەوە پەسەند کراوە.کە ئەمەش ساڵانە ئەم موچەیە دیاری دەکرێت لەلایەنی پاشاوە، کە هیچ کاتێك لەناوباروان دوورنەکەوتۆتەوە، ئەم بڕی مووچەی دیاریکراوانەش لە تۆماری تایبەت دا بۆ میری میران (مەبەست لێیی میر بەردخانە) نێردراوە. ئەمەش لێرەوە بەدیار دەکەوێ کە بیست و پێنج شوققە لەم ناوچانەدا بۆ ناوبراو وە بەرێزەکان دابین کراوە لە داهات وماڵی دەوڵەتی عوسمانی لە کریت دا".[٤٠]

وە لە سەرجەم باجەکانی سەریشی لە رێگەی مووچەکەیە دەدرا کە لە موچەکەی دەبڕدرا.[٤١] کە بۆ ئەمەش لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و دەڵێت " بۆ وەزارەتی دارایی پایەبەرز.. بەرێز حەزرەتی دەوڵەتدار.. نیشتەجێبو لە کریت دا بەرێز بەدرخان پاشا کە گومرگ و باجەکانی لە مووچەکەی گێردراوەتەوە، کە چەند مانگە مووچەکەی هەروەکو پێشتر بۆ نەنێردراوە، هەربۆیە لەسەر داوای خۆی کە لەجیاتی گومرگ و باج دانراوە، بەمەش بە داوایەکی فەرمی ئاراستەی وەلی ئاغا کراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کاروبارهی ناوبراو راپەرێنرێت... لە ١٨ی جماد الاولی ١٢٧٧... بۆلایەنی پەیوەندیدار... لە ئاستی باڵا لە کارەکانی ئەم بابەتەدا لە وەکالەتی ناوبراودا سەرەتا لە لێپرسینەوەی دارایی دا کە لە والی کریتەوە نامەیەك نێردراوە لەبارەی دارایی و پێوداویستییەکانی پاشای ناوبراو کە والی کریت کە میر بەدرخان ئاگاداری کردونەتەوە تاکو باجەکانی سەر شانی ئەو لە مووچەکەی بگێردرێتەوە، بۆ ئەمەش ئەمر و فەرمان لە خاوەن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شكۆوەیە... لە ١٧ی جماد الأولى ساڵی ١٢٧٧".[٤٢] هەر لەبەر ئەمەش سەرجەم باجەكانی لە موچەكەیەوە وەردەگیرا و ئینجا پارەی ماوە بۆ میر بەدرخان دەنێردرا.[٤٣] هەروەكو یەكێك لە بەڵگەنامە عوسمانییەكان ئاماژە بۆ ئەمە دەكات و دەڵێت "بیهی (بسم الله)..تایبەت بە مووچەی بەرێز بەدرخان پاشا كە لە كریت نیشتەجێیە، لە گومرگ و باجی ناوبراو موچەكەی گێردراوتەوە و باقی پارەكەی بۆ نێردراوە".[٤٤]

لەدواتردا لەدوای ڕەزامەندی سوڵتان، ئەوا میر بەدرخان دورگەی كریت جێدێڵی و دەچێتە شام، هەر لەڕێگای شامدا تووشی هەندێ ڕووداوی نەخوازراو دەبێت كە ئەگەرچی لەسەرچاوەكاندا بە تەواوی ئاماژەی پێنەكراوە چی بووە، بەڵام بەڵگەنامەكان ئەوە دەردەخەن كە كاروانی میر بەدرخان و بنەماڵەكەی لەڕێگادا توشی گروپی چەتە و ڕێگر هاتوون. هەروەكو لە بەڵگەنامەیەكی عوسمانیدا ئاماژە بۆ ئەم ڕووداوە دەكات و داوای لێبوردن لە میر بەدرخان دەكەن بەڵێنی بەدواداچوون و ئەنجامی بەدواداچونەكەیان بە میر بەدرخان بگەیەننەوە، كە دەڵێت " بۆ بەرێز بەدرخان پاشا.. بەداوای لێبوردنەوە نیشتەجۆێبوو لەشامی شەریف دا، كە لەڕێگای ڕۆشتنتان بۆ شامدا ڕووداوێك هاتۆتە پێشتان كە هەوڵی برینی كاروانەكەی ئێوەیان داوە، كە ئەمەش بۆ ئێمە دەركەوت و بەمشێوەیە ئێمە هەموو كارێكی دادپەروەرانەی خۆمان بەرامبەر ئەم ڕووداوە ئەنجام دەدەین، هەر بۆ ئەمەش لە ئەنجامی ئەم كارانەو بەدواداچونماندا بەرێزتان ئاگادار دەكرێنەوە".[٤٥] دواتریش دەكەن بەشام و لەوێدا نیشتەجێ دەبن، بۆ ئەمەش میر بەدرخان ماڵێكی لەلایەن سوڵتانەوە پێدەدرێت. وە هەروەها موچەكەشی لەلایەن ویلایەتی شامەوە بۆ دابین دەكرێت[٤٦] هەروەك لە یەكێك لە بڵگەنامەكاندا ئاماژەی بۆ دیاریكردنی موچەكەی و پیشاندانی ڕێز بۆ میر بەدرخان و گرنگیدان بەو ناوچەیەی كە میر بەدرخان تیایدا نیشتەجێ دەبێت، ئەوا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بە پێویست زانراوە، هەروەكو لە بەلگەنامەكەدا دەڵێت "بۆ وەزراەتی دارایی – ویلایەتی سوریا.. پایەدار بەدرخان پاشا كە لە شامی شەریف دا نیشتەجێ دەبێت، پێویستە ئەو شوێنە گرتنگی پێ بدرێت و مووچەی ناوبراو مانگانە لە ئەموالی ویلایەت پێی بدرێت، پایەی ناوبراو شایەنی نیشاندانی ڕێز و گەورییە، بۆ ئەمشە هەرچی كارەكانی لە وەزراەتی دارایی پایەبەرز هەیە دەڕونرێت.. ناوبارو شایەنی ڕێزێكی زۆر گەورە و بێ پایانە، بۆ ئەمشە چاودێری شوێنەكەی و ماڵەكەی و ناوچەكە بەپێویست دەزانرێت.. لەگەڵ ئەمەش دا وەڵامی وەزارەتی پایە بەرزی دارای دەدرێتەوە بۆجێبەجێكردنی فەرمانەكان... بەدرخان پاشای پایەبەرز كە لە شامی شەریف نیشتەجێ دەبێت، پێویستە ڕێزێكی زۆری لێ بنرێت و كە وەیی ئەو نیشان بدرێت، وە موچەی ناوبارو لە خەزێنەی ویلایەتی سوریا لە شام پێی دەدرێت كە ئەمشە جێبەجێ كراوە"[٤٧]،وە تاكو كۆتایی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

تەمەنیشی هەر لەوێ دەمێنێتەوە و سەرئەنجام لەساڵی ١٨٩٠ لە شام کۆچی دوایی دەکات.[٤٨] هەر لەمەوەش لە شام (دیمەشق) دا لەگۆرستانی (ساڵحییە) لە گەرەکی (روکنودین) بەخاك دەسپێردرێت.[٤٩] بەڵام دوای وەفاتی میر بەدرخان، ئەوا سەعادەتول پاشای برازای میر بەدرخان لە دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەگەڕێتەوە شام بەجێدێڵێت و روو دەکاتە شاری خەرپوت.[٥٠]

## ئەنجام:

لە ئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەویەماندا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك لە گرنگترینینان لەوانە:

١ لەپێناوی زیاتر خزمەتکردنی میرنشینەکەی، ئەوا لایەنی زانستی گرنگی پێداوە و قوتابیانی کوردی ناردتە ئەورووپا تاکو زانستە جۆربەجۆرەکان لە ئەورووپا فێرببن و زانست و ئەزموونی نوێ بهێننەوە بۆ میرنشینەکەیان.

٢ ولاتانی ڕۆژئاوا دەرکیان بە بەهێزی و لێهاتوویی میر بەبدرخان و گرنگی میرنشینی بۆتان کردبوو، هرەبۆیە بەردەوام لەهەوڵی لاوازکردنی ئەم میرنشینە دابوون، هەروەکو دەبینین هاوکاری سریانەکیانیان کرد لە دژی میر بەردخان، ئەمەش بە مەبەستی هەڵگیرساندنی شەر و دروستکردنی فیتنە لەنێ، میرنشینی بۆتان دا.

٣ گەورەترین هۆکاری ڕوخانی میرنشینی بۆتان و شکستی دەسەڵاتی میر بەدرخان دەگەڕێتەوە بۆ خیانەتی یەزدان شێری برازای کە لە مەیدانی شەڕدا ریزی سوپای میر بەردرخانی جێهێشت و چووە پاڵ سوپای عوسمانییەکان.

٤ سوڵتان هەمیشە ریزی لە میربەدرخان گرتوە و گرنگی پێداوە، تەنانەت لەدوای ڕوخانی میرنشینەکەشیدا، دەبینین پایەی (میری میران) بە میر بەردخان دەدات.

٥ میر بەدرخان تاکو کۆچی دوایشی هەمیشە پەیوەندیەیکی باشی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و کاربەدەستانی ئەم دەوڵەتە هەبووە و هەمیشە ریزیان لێگرتووە.

٦ لەدوای روخانی میرنشینەکەی هەوڵی نەداوە کیشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی پەیدا بکات، بەڵکو لە هەوڵدان بووە بۆ نەهێتنی هیچ هەڵگەرانەوەیەك لەدژی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەکو هەڵگەرانەوەی مەسیحییەکانی دورگەی کریت ڕۆڵی بەرچاوەی هەبوو.

# پاشكۆیەكان:

پاشكۆی یەكەم: وێنەی مەدالیای كوردستان.[٥١]







Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

پاشكۆی دووەم: نوسینی نامەیەك بۆ والی ئەیالەتی كوردستان لەبارەی ڕێژەی ماڵ و دارایی میر بەدرخان[٥٢]، كە دەڵێت:



A.}MKT.MVL.00090.00068.001

وەرگێڕانی بۆ كوردی:

## بۆ والی كوردستان

ڕێزدار بەدرخان پاشا كە ماڵ و سامانی ئاشكرا و نادیاری لە ڕاپۆرتێكدا بۆ ئێوە دەنێرین كە تاكو ئێستاكە ئینجا وەرنەگیراوە و تۆمارنەكراوە. ئەمەش بەمەبەستی ئاگاداركردنەوەی ئێوە لەچۆنیەتی بەكارهێنانی ئەم ماڵ و سامانە. لە ئەنجومەنی والادا نوسراوێكی نهێنی نێردراوە كە تیایدا فەرمان بە وردبینی لە ماڵ و سامانی پاشای ناوبراو (بەدرخان پاش) دەكات. تاكو لەدواتردا لە چۆنیەتی بەكارهێنان و كاركردنیدا بڕیار دەربكرێت.

لە ٢ ی صفری ساڵی ١٢٧٤



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

**پاشکۆی سێیەم: وێنەیەك لەناردنی فەرمانێك بۆ میر بەدرخان کە تیایدا پایەی میری میرانی پێ دەدرێت.[٥٣]**



وەرگێڕانی بۆ کوردی:

## بیهی (بسم الله)

**لەم جارەدا پایەی میری میران دەرێت بە بەدرخان پاشا لەپای کارە چاکە خوازییەکانیدا..**

**لە سالێکدا کە پاشای ناوبراو، تۆی لە لایەنی ویلایەت و خەڵکەوە بە چاکەخواز بینی، بەمەش لە بەخشندەیی شاهانەیی سوڵتاندا، وە لە بارەی ئاراستەی خاوەنداری و بەپرسیارەتی شاهانەیی دا کە دەردەکەوێت، کە لەساڵی دوو سەد و حەفتا ی مانگی موحەرەم لە بیست و یەکەمین ڕۆژیدا لە کاتێکی بەهرەمەندانە و دڵخۆشکەرانەدا فەرمانی شاهانەییم بۆ جێبەجێکردنی پێدانی پایەی میری میرانی پێدەدرێت. لە بەرورای ناوبراوەوە سودمەند دەبێت لە پایەکانی میری میران، بەهۆی دڵسۆزی و خزمەتکردنی دەوڵەتی باڵای عوسمانی، ئەویش بەهۆی پاکی لە نیەت و ئامانجەکانیدا، کە ئەم پەراوەی بۆ دەردەچێت.**

**لە بەرواری یەکەمی مانگی موحەرمی ٢٧٤.**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاشکۆی چوارەم: وێنەیەك لە ناردنی ڕاپۆرتێك بۆ وەزارەتی دارایی دەربارەی مووچەی میر بەردخان و برایەکانی لە دورگەی کریت.[٥٤]


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞIVI
A.} MKT.MHM
117 | 15

A.}MKT.MHM.00117.00015.001

وەرگێڕانی بۆ کوردی:

**بۆ وەزارەتی دارایی پایەبەرز**

دەربارەی بەگی نیشتەجێبوو لە کریت دا کە قەواڵەیەك پێشکەشکراوە دەربارەی مووچەی بەدرخان پاشا کە لەبارودۆخێی پێویست دا مووچەی ناوبرا بڕی حەوت هەزار قوروش وەکو موچەیەکی دڵنیایی دا کە چواردە هەزار و بیست قوروش وە پایەی میری میران کە بەشێوەیەکی دڵنیایی و زیادکراو کە پێشتریش حەفتا هەزار قوروش ساڵانە دراوە، بەمەش دەردەکەوێت کە دوایی پێدانی پێنج هەزار قوروش لە باجەکەی، ئیستاکە باقی پارەکەی پێدەدرێت. هەروەها ساڵح بەگی برای کە پێشتر دوو سەد قوروشی بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام مووچەکەی زیادکراوە و ئێستاکە چوارسەد قوروش وەردەگرێت. هەروەها برایەکەیتری ئەسعەد بەگ ئەویش دوو سەد قوورشی بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام مووچەکەی زیادکراوە و ئێستاکە هەشت سەد قوروشی پێدەدرێت. ئەمەش زیاتریش دەبێت و هەتا هەزار قوروشیش دەروات هەندێکات. هەروەها براکەیتری عوسمان ئەفەندی مووچەکەی کە چوارسەد قوروش بوو وە زیاد کرا بۆ هەشت سەد قوروش. کە ئەمانەش بەهۆی بڕیاری ئەنجومەنی بڕیاردانەوە پەسەند کراوە.کە ئەمەش ساڵانە ئەم موچەیە دیاری دەکرێت لەلایەنی پاشاوە، کە هیچ کاتێك لەناوبراوان دوورنەکەوتۆتەوە، ئەم بڕی مووچەی دیاریکراوانەش لە تۆماری تایبەت دا بۆ میری میران (مەبەست لیی میر بەردخانە) نێردراوە. ئەمشە لێرەوە بەدیار دەکەوێ کە بیست و پێنج شوققە لەم ناوچانەدا بۆ ناوبراوە بەرێزەکان دابین کراوە لە داهات و ماڵی دەوڵەت لە کریت دا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاشكۆی پێنجەم: داواكارییەكی میر بەدرخان بۆ وەزارەتی دارایی كە چەند مانگێكە مووچەی وەرنەگرتووە وداوا دەكات باجەكەی سەری لە مووچەكەی بگێرنەوە.[٥٥]



A.}MKT.NZD.00337.00038.001

وەرگێرانی بۆ كوردی:

**بۆ وەزارەتی دارایی پایەبەرز**

**بەرێز حەزرەتی دەوڵەتدار**

نیشتەجێبو لە كریت دا بەرێز بەدرخان پاشا كە گومرگ و باجەكانی لە مووچەكەی گێردراوەتەوە، كە چەند مانگە مووچەكەی هەروەكو پێشتر بۆ نەنێردراوە، هەربۆیە لەسەر داوای خۆی كە لەجیاتی گومرگ و باج دانراوە، بەمەش بە داوایەكی فەرمی ئاراستەی وەلی ئاغا كراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی كاروبارەی ناوبراو راپەرێنرێت.

**لە ١٨ی جماد الاولی ١٢٧٧**

**بۆ الەینی پەیوەندیدار**

لە ئاستی باڵا لە كارەكانی ئەم بابەتەدا لە وەكالەتی ناوبراودا سەرەتا لە لێپرسینەوەی دارایی دا كە لە والی كریتەوە نامەیەك نێردراوە لەبارەی دارایی و پێوداویستیەیكانی پاشای ناوبراو كە والی كریت كە میر بەدرخان ئاگاداری كردونەتەوە تاكو باجەكانی سەر شانی ئەو لە مووچەكەی بگێردرێتەوە، بۆ ئەمەش ئەمر و فەرمان لە خاوەن شكۆوەیە.

لە ١٧ی جماد الأولی ساڵی ١٢٧٧



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

پاشكۆی شەشەم: وەڵامێك بۆ وەزارەتی دارایی دەربارەی مووچەی میر بەدرخان.[٥٦]



A.}MKT.MHM.00185.00043.001

وەرگێرانی بۆ كوردی:

**بیهی (بسم الله)**

تایبەت بە مووچەی بەرێز بەدرخان پاشا كە لە كریت نیشتەجێیە، لە گومرگ و باجی ناوبراو موچەكەی گێردراوتەوە و باقی پارەكەی بۆ نێردراوە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

پاشکۆی حەوتەم: ئەو ڕووداوەی توشی میر بەدرخان هات لەاتی ڕۆیشتینان بۆ شام[٥٧]




A.}MKT.MHM.00416.00095.001

وەرگێرانی بۆ کوردی:

**بۆ بەدرخان پاشا**

بەداوای لێبوردنەوە نیشتەجۆێبوو لەشامی شەریف دا، کە لەرێگای رۆشتنتان بۆ شامدا رووداوێك هاتۆتە پێشتان کە هەوڵی برینی کاروانەکەی ئێوەیان داوە، کە ئەمەش بۆ ئێمە دەرکەوت و بەمشێوەیە ئێمە هەموو کارێکی دادپەروەرانەی خۆمان بەرامبەر ئەم رووداوە ئەنجام دەدەین، هەر بۆ ئەمەش لە ئەنجامی ئەم کارانەو بەداواداچونماندا بەرێزتان ئاگادار دەکرێنەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاشکۆی هەشتەم:نامەیەك دەربارەی شوێنی نیتشەجێبوونی میر بەدرخان و وەرگتنی موچەکەی لە ویلایەتی سوریا دا.[٥٨]


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.MHM
407 61

A.}MKT.MHM.00407.00061.001

وەرگێرانی بۆ کوردی:

**بۆ وەزرامتی دارایی – ویلایەتی سوریا**

پایەدار بەدرخان پاشا کە لە شامی شەریف دا نیشتەجێ دەبێت، پێویستە ئەو شوێنە گرتنگی پێ بدرێت و مووچەی ناوبراو مانگانە لە ئەموالی ویلایەت پێی بدرێت، پایەی ناوبراو شایەنی نیشاندانی ڕێز و گەورییە، بۆ ئەمشە هەرچی کارەکانی لە وەزرامتی دارایی پایەبەرز هەیە دەرونرێت.. ناوبارو شایەنی ڕێزێکی زۆر گەورە و بێ پایانە، بۆ ئەمشە چاودێری شوێنەکەی و ماڵەکەی و ناوچەکە بەپێویست دەزانرێت.. لەگەڵ ئەمەش دا وەڵامی وەزارەتی پایە بەرزی دارای دەدرێتەوە بۆجێبەجێکردنی فەرمانەکان... بەدرخان پاشای پایەبەرز کە لە شامی شەریف نیشتەجێ دەبێت، پێویستە ڕێزێکی زۆری لێ بنرێت و گەورەی یئەو نیشان بدرێت، وە موچەی ناوبارو لە خەزێنەی ویلایەتی سوریا لە شام پێی دەردرێت کە ئەمشە جێبەجێ کراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامەکانی عوسمانی

1. BOA[59], A}MKT. MVL.90.68.
2. BOA, A}DVN. MHN.23.65.
3. BOA, A}MKT. MHM.117.15.
4. BOA, A}MKT. NZD.337.38.1.
5. BOA, A}MKT. MHM.416.95.
6. BOA, A}MKT. MHM.407.61.
7. BOA, A}MKT. MHM.185.43.
8. BOA, A}MKT. NZD.296.15.
9. BOA, A}MKT.MHM.192.42.
10. BOA, A}MKT.MHM.205.103.

### نامە و تێزی ئەکادیمی:

11. Cabir DOĞAN, CİZRE ve BOHTAN EMİRİ BEDİRHAN BEY (1802 – 1869), AFYON KOCATEPE ÜNİVERSİTESİ, 2010.

### کتێبەکان:

١٢. ئارشاک سافراستیان، کورد و کوردستان، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٥.

١٣. شەرەفخان، شەرەفنامە، تاران، ١٩٨١.

١٤. شوکروڵای بابان، مێژووی کورد و کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٤..

١٥. صلاح محمد سليم هروری: أمارة بوتان، أربيل، ٢٠٠٠، ١٣.

١٦. علاء الدين سجادی، شۆرشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، انتشارات کوردستان ، سنە، ١٩٨٤.

١٧. عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: کامەران بابانزادە، بەرگی یەکەم، رێنوێن، ٢٠٠٩.

١٨. نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و شۆرشەکانی ١١٦٩-١٩٩٤، ٢٠٠٤.

١٩. وەدیع جوەید، جوڵانەوەی نەتەوەیی و بنەما و پەرەسەندنی، سلێمانی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٨.

٢٠. یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مألباتێکی خەباتکار، منارە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢١. خە بات لە ریکای کوردستان، وەرگێرانی جەلال تەقی، سلیمانی، چاپخانەی راپەرین، ١٩٦٩.

### ئینساکلۆپیدا:

22. Metin Tuncel - Abdülkerim Özaydın, “CİZRE”, *DİA (Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi*), XIII.

### وێب سایت:

23. -Aytekin Yılmaz, Eski Kürt isyancıları dağdan nasıl indirildiler?, http://www.timeturk.com, 22-5-2016.

### گۆڤار:

٢٤. بژار عوسمان ئەحمەد، دادپەروەری بەرامبەر ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، لە ژێر رۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە١٤.

## پەراوێز:

(1) BOA, A.DVN. MHN.23.65

(2) Metin Tuncel - Abdülkerim Özaydın, "CİZRE", DİA (Türkiye Diyanet Vakfı İslam Ansiklopedisi), XIII/s.39.

(٣) نەجم سەنگاوی، کوردستان و سەرکردە و شۆرشەکانی ١١٦٩-١٩٩٤، ٢٠٠٤، ل١٩١.

(٤) لە راستیدا ئەم ریوایەتە هیچ راست نیەی، چونکە خالیدی کوری وەلید هیچ کوری نەبووە، جگە لەوەش هیچ میراتێك دوای ئەو نەبوە، بەڵکو میراتەکەی ئەو عەبدوڵای کوری سەلمە هەڵیگرت. بروانە: شەرەفخان، شەرەفنامە، تاران، ١٩٨١، ل٢٧٢.

(٥) عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: کامەران بابانزادە، بەرگی یەکەم، رێنوێن، ٢٠٠٩، ل٥٣.

(٦) یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مألباتێکی خەباتکار، منارە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٦.

(٧) عوسمان عەلی، س.پ، ل٥٥.

(٨) نەجم سەنگاوی، س.پ،ل١٩٤.

(٩) کلۆدیۆس جیمس ریچ، گەشتنامەکەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێرانی: مەحەمەد باقی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١٠) عوسمان عەلی، س.پ، ل٦١.

(١١) نەجم سەنگاوی، س.پ،ل٢٠٠.

(12) Cabir DOĞAN, CİZRE ve BOHTAN EMİRİ BEDİRHAN BEY (1802 – 1869), AFYON KOCATEPE ÜNİVERSİTESİ, 2010, 57-59.

(13) Cabir DOĞAN, g.e, 59.

(١٤) کریس کۆچیرا، راپەرینی نەتەوەیی کورد، وەرگێرانی: برایم یونس، چاپخانەی ئۆفیسی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٥.

(١٥) نەجم سەنگاوی، س.پ، ل٢٠٢-٢٠٣.

(16) Cabir DOĞAN, g.e,131-135.

(١٧) عوسمان عەلی، س.پ، ل٦٢-٦٨.

(١٨) عوسمان عەلی، س.پ، ل٧٢.

(١٩) عوسمان عەلی، س.پ، ل٧٥.

(٢٠) عوسمان عەلی، س.پ، ل٩١.

(٢١) صلاح محمد سليم هروری: أمارة بوتان، أربيل، ٢٠٠٠، ١٣.

(22) Aytekin Yılmaz, Eski Kürt isyancıları dağdan nasıl indirildiler?, http://www.timeturk.com, 22-5-2016.

(٢٣) عوسمان عەلی، س.پ، ل٧٣.

(٢٤) یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەکان مألباتێکی خەباتکار، ل١٥-١٦ ;بۆ بینینی وێنە مەدالیاکە بروانە پاشکۆی ژمارە (١).

(٢٥) أمارة بوتان، ١٤.

(٢٦) وەدیع جوەید، جوڵانەوەی نەتەوەیی و بنەما و پەرەسەندنی، سلێمانی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٨، ل١٦٨.

(٢٧) شوکروڵای بابان، مێژووی کورد و کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٤، ل٢١٢.

(28) BOA, A.DVN. MHN.23.65.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٢٩) علاء الدين سجادی، شۆرشەكانی كورد و كورد و كۆماری عێراق، انتشارات كوردستان ، سنه، ١٩٨٤، ل ٤٦.

(٣٠) ئارشاك سافراستیان، كورد و كوردستان، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٥، ل٩٣.

(٣١) خه بات له ریكای كوردستان، وەرگێرانی جەلال تەقی، سلیمانی، چاپخانەی راپەرین، ١٩٦٩، ٨٤-٨٥.

(32) CİZRE ve BOHTAN EMİRİ BEDİRHAN BEY (1802 – 1869), AFYON KOCATEPE ÜNİVERSİTESİ, 2010.

(33) BOA, A.MKT. MVL.90.68.

- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەكە، بروانە پاشكۆی ژمارە (٢).

(34) BOA, A.MKT. MVL.90.68.

(٣٥) یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەكان مألباتێكی خەباتكار، ل١٥-١٦.

(36) BOA, A.DVN. MHN.23.65.

بر بینینی دەقی فەرمانەكە، برەوانە پاشكۆی ژمارە (٣).

(٣٧) زۆرجار له كاتی خوێندنەوەی بەڵگەنامەكان بەگشتی و فەرمانە پاشاییەكاند، هێمایەم دەبینین وەكو نیمچه (+) خۆی پیشان دەداتكە كه بەشەكەی خوارەوەی نەنوسرابێت و لەكاتی نوسینیدا دەست هەڵنەگیرابێت، خودی ئەم نوسوسینە وەكو كۆد وایە، بەمانای (بیهی) دێت، كه ئەویش مانای (بسم الله) دەگەیەنێت. بروانە: بژار عوسمان ئەحمەد، دادپەروەری بەرامبەر ئایینە جیاوازەكانی كوردستان، له ژێر رۆشنایی بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە١٤، ل١١٢.

(38) BOA, A.DVN. MHN.23.65.

(39) BOA, A.MKT. MHM.117.15.

- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەكە، بروانە پاشكۆی ژمارە (٤).

(40) BOA, A.MKT. MHM.117.15.

(41) BOA, A.MKT. NZD.337.38.1.

- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەكە، بروانە پاشكۆی ژمارە (٥).

(42) BOA, A.MKT. NZD.337.38.1.

(43) BOA, A.MKT. NZD.296.15./ BOA, A.MKT. MHM.185.43..

(44) BOA, A}MKT. MHM.185.43.

- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەكە، بروانە پاشكۆی ژمارە (٦).

(45) BOA, A}MKT. MHM.416.95.

- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەكە، بروانە پاشكۆی ژمارە (٧).

(46) BOA, A.MKT. MHM.407.61.

- بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەكە، بروانە پاشكۆی ژمارە (٨).

(47) *BOA, A}MKT. MHM.407.61*

(٤٨) میر بەدرخان لەژیاندیا چەند جارێك هاوسەرگیری كردووە، كاتێك وەفاتی كردووە، چوار خێزانی هەبووە. بروانە: مالمیسانیز، بدرخانیون في الجزیرة بوتان، ١٩٩٨.

(٤٩) یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەكان ماڵباتێكی خەباتكار، ل١٥-١٦.

(50) BOA, A.MKT.MHM.205.103.

(٥١) یوسف ئەحمەد مەنتك، بەدرخانییەكان مألباتێكی خەباتكار، ل٩.

(52) BOA, A}MKT. MVL.90.68.

(53) BOA, A}DVN. MHN.23.65.

(54) BOA, A}MKT. MHM.117.15.

(55) BOA, A}MKT. NZD.337.38.1.

(56) BOA, A}MKT. MHM.185.43.

(57) BOA, A}MKT. MHM.416.95.

(58) *BOA, A}MKT. MHM.407.61*

(٥٩) دەستەواژەی (BOA) كورتكراوەی (Başbakanlık Osmanlı Arşivi) كه دائیرەیەكی تایبەته بۆ ئەرشیفی عوسمانی له ئەستەنبۆل و ئەنقەرە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

# حياة بدرخان باشا بعد سقوط امارة بوتان

**الملخص:**

نتناول في هذه الورقة بالدراسة والتحليل عشرون السنة الاخيرة والغامصة من حياة الامير بدرخان باشا . هناك نزعة عند الباحثين الكورد في عدم التطرق الى هذه المرحلة من حياة هذه الشخصية التاريخية الكوردية المرموقة . وهناك بعض الاشارات المختصرة الى بعض اعمال بدرخان باشا في هذه المرحلة من حياته من قبيل اشتراكه في التحدي لثورة اليونانيين في جزيرة كريت وحصوله على لقب " مير ميران" من قبل السلطان العثماني ورد الاعتبار له. وأيضا فهم هذه المرحلة المتاخرة من حياة الباشا قد يساعدنا الى اعادة تقييم مسيرته النضالية لصالح جمع فتات امراء الكورد او فهم بعض الجوانب الغامضة من مواقفه تجاه الدولة العثمانية. هذه الدراسة هي دراسة تحليلية تاريخية تتبع المنهج الكرنولوجي في البحث وتستند الى مذكرات المعاصرين من رجال الدولة والدوريات والوثائق العثمانية المنشورة والغير المنشورة.

***الكليمات الدالة: الامير بدرخان، بوتان، الامارة، الرحالة، دولة العثمانية***

# The post- 1847 Life of Badrkhan Pasha

**Abstract:**

This paper addresses the last twenty years of the life of Badrkhan Pasha (1802-1969) who ruled Botan prinncipality and led one of the most serious Kurdish challenge to the Ottoman state in the years (1843-1847). Although Badrkhan Pasha was deposed from Botan pricipality after his defeat by Ottoman forces, he kept high political profile during the years 1847-1869 . However , Kurdish scholars have a tendency not to address this period.In order to provide a thorough and a good assesm of the career of this prominent leader, We think it is significant to explore this period of his life which has been hetherto ignored. The methodology of this paper is historical political analysis and chronolgically based. We resort to the use of memoirs, contemprary journals , and Ottoman archives.

**Keyword:** *Badrkhan Pasha , Botan ,Emirate, Nomads , Ottoman State,*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی